کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22:13 16-12-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**پێویستە ڕۆژنامەنوسان دواقسەی خۆیان بکەن ... محمد چیــا**

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی پەسەندکرد، پێم وایە پێویستە ئیدی ڕۆژنامەنوسان دواقسەی خۆیان بکەن و بێدەنگ نەبن، وەگەرنا وەك دەڵێت (با بۆ هەمیشە بێدەنگ بن)، چونکە ئەم پرۆژە یاسایە، کەتەنها ئیمزایەکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ماوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە یاساو کاری پێبکرێت، هێندە لێزانانە داڕێژراوە، سەبارەت بەلێپێچینەوە لەڕۆژنامەنوسان و هێندە دەقێکی لاستیکی وەرگرتووە، دەتوانێت هەموو ڕۆژنامەنوسێك کەبیەوێت لەبوارێکی گرنگ جدی و هەستیار و تابۆدا قسە بکات و بنوسێت (کە پرۆژە یاساکە لەژێر ناوی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و دابونەریتی گشتیدا هێناویەتی) ڕاپێچی بەردەم دادگا و لێپێچینەوەو غەرامەو جۆرەکانی دیکەی سزا یاساییەکان بکاتەوە.



ئەگەر سەرنجێکی وردیش بدەین لەباگراوندی بڕیارەکەو پاڵنەرەکانی گەلاڵەکردنی بەوشێوەیەو داڕشتنی هەندێك لەبەندەکانی ئەو پرۆژە یاسایە، بەڕوونی هەست دەکرێت، حیزبی کوردی چ ئەوانەی زۆرینەی پەرلەمان پێکدەهێنن و چ ئەوانەیش خۆیان بەپارتی سێیەم و چوارم و ڕکابەریی دووپارتە سەرەکییەکە دەزانن هەستیان بەوە کردووە، زمانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەبەرامبەریاندا زمانێکی تیژو کاریگەرەو دەرخەری ڕاستیەکان و چەوتیەکانیانە، ئەم زمانە درێژەی ڕۆژنامەنوسان بەبۆچوونی ئەوان هێندە بەتوانایە کەدورنیە بەرەکە لەژێر پێیان دەربکات و پەردە لەسەر زۆرێك لەو حەقیقەتانە لابدات کەئایندەی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەوان دەخاتە بەردەم مەترسییەوە.

من لەوە تێناگەم ڕۆژنامەنوسان چییان لەبەرژوەندی خۆیان نوسیوە و کردووە کەتا ئەو ڕادەیەی یاسا دڵڕەق بێت لەگەڵیاندا، کەوەك تاوانبار ڕاپێچی بەردەم دادگایان بکات؟ من جارێکی دیکەش دەپرسم کامەیە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنوسان لەوەی کەدەیڵێن و دەینوسن و بڵاوی دەکەنەوە، جگە لەبەرژەوەندی میللەت و خەڵگە گشتییەکە نەبێت، هەرچەندە من لەگەڵ زمانێکی ڕۆژنامەوانی هێندە زبردا نیم کە هیچ کەسێك و لایەنێك لەکەدار بکات، بەڵام زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنوسانە کە بەزمانێکی زبرو توند نوسیویانە دەبینین هەر خۆیان ڕوبەڕوی هەڕەشەو لێدان و ترساندن بونەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە سەرهەڵدانی زمانی توندو هەندێکجاریش تاڕادەی تەشهیرکردن ئەگەر لەناو کاری ڕۆژنامەوانی کوردیدا بوبێتە دیاردەیەك و سەری هەڵدابێت ئەمەش خۆی بۆ خۆی دەلالەت لەو ژینگە ناسروشتیی و ناتەواو و پڕ لەکەموکوڕی و گەندەڵی و ناهەقییە دەکات کەئێستا واقیعی ئێمەی تاڕادەیەکی زۆر بێزراو و دزێو کردووە، کەبەڕای من بەپرسیارێتی یەکەمی ئەم ڕەوشەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی دەسەڵات و ئەداکردنە سیاسی و کارگێڕییەکانی.

پاشان من تێناگەم دەسەڵات بۆ دەبێت لەزمانی ڕۆژنامە بترسێت، ئیدی ئەو زمانە هەرچۆنێك بێت، مادام دەیەوێت حەقیقەتێك بخاتەڕوو بەچاوپۆشین لەوەی دەرخستنی ئەو حەقیقەتە لەبەرژوەندی کێ تەواو دەبێت و لەزەرەری کێ تەواو دەبێت؟ خۆ ئەگەر ئەوەیش کەڕۆژنامە دەیڵێت ناڕاستی بێت و دوربێت لەواقیعەوە، ئیدی ئەوە پێویست بەهەڕەشەو سزادانی ڕۆژنامەکەو نوسەرەکەشی ناکات، چونکە شتی ساختەو ناڕاست و ناواقیعی خۆی خۆی مەحکوم دەکات و بۆ خۆی دەپوکێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی وەها بەجێ بێڵێت کەمایەی ئەوەبێت ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە و دابونەریتی گشتیی تێك بدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرچی سەبارەت بەئاسایشی نەتەوەییە من بۆ خۆم قسەی لەسەر ناکەم، چونکە لەڕاستیدا من نازانم ئەوە چییە کەرۆژنامەنوس دەیلێت و هەڕەشە لەئاسایشی نیشتمانی ئێمە دەکات، هەروەها هەموو قسەیەك کە دڵنەگرێت و تۆزێك لەسەر دڵی بەرپرسان قورس بێت، دەتوانین بڵێین ئەمە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ئێمە، هەروەها ئەوە بۆ خۆی جێگەی پرسیارە کەئایا هیچ رۆژنامەنوسێکی کوردیی هەیە کەلەسایەی ئەم دەسەڵاتەو ئەم حکومەتەی خۆماندا هەوڵ بدات کارێکی نیزاخراپانەی وا بکات کەهەڕەشە لەئاسایشی نیشتمانیمان بکات، من پێم وایە ئەگەر رۆژمانوسێکی وەهاش هەبێت (کە من گومانم لەبوونی هەیە)، ئەوا دەتوانێت ئەوە بکات بەشێوەیەك کە هیچ دەسەڵاتێك دەستی تێی نەگات و نەتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر سەیر بکەین گەڵاڵەکردنی ئەو پرۆژە یاسایە بەو شێوەیە خۆی بۆ خۆی بەدگومانێیێکی گەورە دروست دەکات بەرامبەری کاری رۆژنامەوانی و خۆدی رۆژنامەنوسانیش، هەروەها زەمینەخۆشکەریش دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتەکانی تر لەگەڵ دەسەڵاتی چوارەمدا بکەونە بەرامبەر یەکەوەو بەریەکەوتنی زیاتر لەوتارو هەڵوێست و نوسینەکاندا دروست بێت و سەرهەڵبدات.

هەرچی سەبارەت بەچەمکی دابونەریتی گشتیش هەیە، باش ئەگەر نوسەران و رۆشنبیران و بیرمەندان قسە لەسەر ئەم چەمك و بابەتە نەکەن و رەخنەی نەکەن و هەوڵ نەدان کەموکوڕیەکانی دەستنیشان بکەن و گۆڕانکاری تێدا بکەن و هەتا دایشبرێژنەوە و هەمواری بکەن، ئەی باشە کاری کێیە ئەمە بکات؟ ئەی دەبێت ئێمە هەموو ئەو دابونەریتانەی کەمایەی سلبیات و ناشیرینکردنی کۆمەڵگەی ئێمەن، هەروا بەتابۆکراوی بیانهێڵینەوەو هیچ کەسێك بۆی نەبێت تۆخنیان بکەوێت؟ ئەی کێ کۆمەڵگە بەرەو پێش دەبات ئەی کێ چەمکەکان دابرێژێتەوە، ئەی کێ قسە لەسەر ئەو سنوربەزاندنانە بکات کەخودی تابۆکان ئەنجامی دەدەن و زۆرجار گاڵتە بەڕێزو حورمەت و کەسایەتی مرۆڤەکان و ئازادییان دەیکەن، کێ ئەو کلتورانە رەتبکاتەوە کە هێنراون و بەناوی ئاینەوە بەسەرئێمەدا ساغکراونەتەوە، کێ ئەو ماڵە قەڵبانە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان کەبەناوی ئاینەوە هێنراون و ئاینیش بێبەرییە لێیان؟

بەرێزان ئەوەی کەمن هەستی پێدەکەم دەمەوێت پێش ئەوەی پرۆژە یاساکە ببێتە یاساو هەر بەتۆمەتێکیش ڕابکێشرێمە بەردەم دادگا با بەبی پەردو بەئاشکرا بیڵێم ئەوەیە: پێداگریی لەو پرۆژە یاساییەدا لەسەر توخن نەکەوتنی ئەو بابەتانەی کە ئاسایشی نەتەوەیی ئێمە دەخاتە مەترسیەوە، دیواربەندێکی دەسەڵاتە بۆ ئەوەی چیدی بەرژەوەندییەکانی پارێزراوبن و دەمئاخنکردنی رۆژنامەنوسان و رۆشنبیران و بیرمەندانە بۆ ئەوەی توخنی هەرشتێك نەکەون کەپەیوەندی بەدەسەڵاتی ئەوانەوە هەیەو لەقەڵەمڕەویان کەم دەکاتەوە.

هەرچی ئەوەیشە کە پەیوەندی بە پاراستنی (دابونەریتی گشتییەوە) هەیە ئەمەشیان بۆ ڕازیکردنی لایەنە ئوسوڵییەکانە، بۆ ئەوەی کەس نەوێرێت پرسیارێك لەبارەی مەسەلەیەکەوە بوروژێنێت کەتایبەت بێت بەکەلتورێکی ڕزیو کەئەوان ئێستا دەیانەوێت ڕوکەشکاریی و گەچکاریی بکەنەوەو بۆ گەیشتن بەمەرامەکانیان لەخزمەتی خۆیاندا بەکاری بهێنن، هەڵبەتە من لەمەشدا مەبەستم ئیهانەکردن نیە بەهیچ ئایینێك و کەلتورێکی لۆکاڵی و ناوچەیی، بەڵام هەیە کولتور دەکاتە ئایین و پیرۆزی دەکات، ئەویش بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەوێرێت توخنی بکەوێت، واتە کێشەکە لەبوونی لایەنگەلێکدایە کەدەیانەوێت بەناوی پاراستنی ئایینەوە ئایین بخەنە خزمەتی خۆیانەوە، واتە نەزعەیەکی دەسەڵاتخوازیان هەیە و بۆ ئەمەش ئایین وەك ئامرازێك بەکار دەهێنن. هەڵبەتە ئێرە بواری قسەکردن نیە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام دەکرێت دواجار بڵێین ئەوەی وایکردووە پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەگەریی بەوشێوەیە هەمواربکرێت رێکەوتنی لایەنی دەسەڵاتە لەگەڵ پەلوپۆکانیدا، بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئـەوەی زەفـەری پێنـەبرێـت و بـوون و قـەوارەو ئاینـدەی پارێزراوبێـت. ئـەگینـا بـووە لـەم سـەردەمـەدا کەسەردەمی ئازادی ڕادەربڕین و کرانـەوەی جیهانـەکانـه بـەسـەر یـەکتـردا، بـەدارشتنی یاسایـەك هێنـده ڕۆژنامەنوسان بترسێنیت و بیانخـەیتە ڕاڕاوه کەڕاستـەوخۆ دوای نوسینی هـەر وتارێك بیر لـەچـارەنوسی نادیاری خۆیان بکـەنـەوە.

ئـەو نووسینانـەی لـه کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنـەوە، بیروبۆچوونی خاوەنـەکانیانـه، کوردستان نێت لێی بـەرپرسیار نییـه.